نووسینی د .زاهیر سوران

11 ی ئەیلولی 2004 .

# سییە سۆی (PCP)

## Pneumocystis Carinii Pneumonia

یەکێکە لەگرنگترینو ناسراوترین  سییەسۆکان بەهۆی کەڕووەوە پێشتر وا دەزانرا بە هۆی پرۆتۆزۆرێکی بچوکەوە دەبێت کە لەنێوان 1–2 مایکرۆندایەو لەقۆناخێکی درەنگدا تووشی ئەیدزدار دەبێت زیاتر کورتکراوەی PCP ی بۆ بەکاردەهێنرێت. لەساڵی 1909 دا (هاگاس) لەبەرازیل توانی هۆی ئەم جۆرە سۆیە لە سۆیەکانی تر جیابکاتەوە، هەرچەندە پێی وابوو کەئەم پرۆتۆزۆرە تریپانۆسۆمیایە.

لەساڵی 1950 سۆکە باشتر لەجیهاندا ناسێنراوە، لەساڵی 1981 لەئەمێریکا بەتێروتەسەلی لەسەر سۆکە نووسراوە چونکە تا ئەو دەمە وادەزانرا تەنیا تووشی منداڵ دەبێت، بەڵام لەم 20 ساڵانەی دوایدا لەزۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکاندا زیاتر تووشی ئەیدزدار دەبێت.

### پەتازانی

نازانرێت تا ئەمڕۆ ئەم جۆرە سۆیە  لەجیهاندا چەند بڵاوە، بەڵام سۆکە لەهەموو جیهاندا بڵاوە. بێچارەکردن نزیکەی لە 80– 85٪ی ئەیدزداران ئەم جۆرە سۆیەیان تێدا گەشەدەکات. ئەوەی شایانی باسە لەئامارە جیاجیاکاندا پیشاندراوە لە 25٪ی ئەیدزدارە ئەمەریکاییەکانو لە 14٪ی ئایدزدارە ئەوروپاییەکان بەهۆی PCPـەوە دەمرن.

(لەساڵی 1995–1996ـەوە تا ئەمڕۆ ئەو ڕێژەیە لەناو ئەیدزدارە ئەمەریکاییەکاندا نزمبووەتەوە). زۆرجار سۆکە بە دەگمەن دەرەوەی سییەکان وەك لیمفە گرێکان، سپڵ، جگەر، مۆخی ئێسك یان پێست دەگرێتەوە.

### ڕێگای گواستنەوە

لەڕێگای هەواوە پاراسایتەکە دەگاتە نێو سییەکان.

### درمی سۆکە

بەتایبەتی لەناو منداڵدا زۆر بەرزە.

### نیشانەکان

ماوەی کڕکەوتنی پاراسایتەکە لەنێوان 3–4 هەفتەدایە. بێئەوەی نەخۆش تێبینی بکات نیشانەکانی دەردەکەون. شێوەی سۆکە وەك سۆیەکی ئاسایی سییەکانە. لەسەرەتادا نەخۆش وشکە کۆکەیەکی هەیە، کەمێك تای لێدێتو کەمێکیش هەناسەی سوار دەبێت. نیشانەیەکی نائاسایی سۆکە بریتییە لەژانەسنگ لەکاتی کۆکیندا. پاشتر نەخۆش ئارەزووی خواردنی نامێنێت، کێشی لەش کەمدەبێتەوە، شەوانە ئارەقە دەکاتەوە، بێهێزیو بێخوڵقیش دەبینرێت. هێدی هێدی کۆکەکە لەماوەی 6–8 هەفتە تەڕ دەبێت.

### لە تێڕوانیندا دەردەکەوێت

ژمارەی هەناسەدانو لێدانی دڵ زیادبووە، هەناسە وەرگرتنی قوڵ نەخۆش تووشی کۆکە دەکات، هاوکات نەخۆش تادارە. هەندێکجار لەبارە توندەکاندا ڕووخساری نەخۆش شین هەڵدەگەڕێت، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ئۆکسجینی ناوخوێن!!

### لە ئێکسبەرداری سنگ دا

- لە 5–10٪ وێنەکان ئاساییە.
- لە 10٪ی تردا چەند بڵقێکی هەوایی بەدیدەکرێت.
- لە 2– 9٪ی تووشبووان pneumotorax یان تیادا بەدیدەکرێت.

گەر ئەیدزدارێك تووشی ئەم سۆیە نەبووبێت ئەوا مەترسیی pneumotorax ی کەمتر لێدەکرێت.

### دەستنیشانکردن

ئەمڕۆ دەتوانین ڕاستەوخۆ پنیۆمۆسیست لە گرویسکی نەخۆشدا جیا بکەینەوەو دەستنیشان بکەین.

### چارەسەرکردن

باشترین چارەسەرکردنی ئەم سۆیە بەدوو دەرمانی سەرەکی دەکرێت کە ئەمانەن:

پێویستە ڕۆژانە 15 ملگم/ کگم Trimethoprimو 75 ملگم/ کگم Sulphamethoxazole لەدەمەوە یان بەخوێنهێنەردا بدرێت بەنەخۆش.

ئەو کەسانەی هەستدارن لەو دەرمانانەی سەرەوە پێویستە 3–4 گم/کگم Pentamidine ڕۆژانە بەخوێنهێنەردا یان 600 ملگم Clindamycin لەنێوان 6–8 کاژێردا بدەن لەخوێنهێنەری نەخۆش.

**تێبینی**: زۆرجار ئەو کەسانەی تووشی ئەم سۆیە دەبن ژمارەی CD4یان نزم دەبێتەوە بەڕێژەیەك تا دەگاتە ژێر 200 خانەوە.

### سەرچاوەکان


1– د . زاهیر سوران ، نەخۆشییە درمەکان ، بەشی یازدە ، چاپی یەکەم ، سلێمانی – کوردستان ، 2004 .

References

1.Iwarson-Norrby, infektionsmedicin, epidemiologi, klinik och terapi, Sڼve Frٚlag 1998, Stockholm.

2.Marin GH. Voiculescu: Infectious Diseases, vol 2. Medical Edition; 1990; 112-134.

3.Gottlieb MS, et al: Pneumocystis carinii pneumonia and mucosal candidiasis in previosly helathy homosexual men: evidence of a new acquierd cellular immunodeficiency, N Engl J med 1981; 305: 1425.